## دامەزراندنی کۆماری کوردستان.. ئەزمونێک نابێت لەبیربکرێت




**دیپلۆماتیک مەگەزین**

ئەمڕۆ ٧٣ ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر دامەزراندنی کۆماری کوردستان، کۆمارێک کە سەرەڕای کورتیی ماوەکەی، ئەزموونێکی مێژوویی بۆ گەلی کورد بەجێ هێشت تا بە کەڵک وەرگرتن لێی بتوانن لە ئەمڕۆدا کە ئەو کەشوهەوایە خەریکە دووبارە دەبێتەوە بەبێ هەڵە تێپەڕێت و قوناغێکی نوێ لە مێژووی خۆیان بن.

بەربەرەکانی و ململانێی نێوان زلهێزەکان لە دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە و پەلکێشکردنی ئاڵۆزییەکان بەرەوڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەریی خۆی لەسەر گەلانی ناوچەکە دانا و هاوکات ئێران بوو بە مەیدانی ململانێ هێزەکان لە باکور و باشورەوە، حکومەتی قاجار توانای ئیدارەی وڵاتی نەما و لە ساڵی ١٩٢٥ ڕووخا و حکومەت کەوتە دەستی "ڕەزاخان" کە پێشتر وەزیری شەڕ بوو و بنیاتی حکومەتی "پەهلەوی" دانا، بە دەستپێکردنی شەڕی دووەمی جیهانی و جارێکی دیکە داگیرکردنی ئێران لەلایەن ڕوس و ئینگلیزەوە، ڕەزاشا لەژێر فشاری بەریتانیا، لە ئەیلولی ١٩٤١ دەستی لەکارکشایەوە و ئێرانی جێهێشت و دەسەڵات کەوتە دەستی کوڕەکەی واتا محەمەد ڕەزاشا.

" مەهاباد لە چنگی هێزەکانی سوپای ئێران ڕزگار کرا و لەڕۆژی ٢٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦دا، واتە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی، کۆماری کوردستان لە مهاباد ڕاگەیەندرا.

لە کەشوهەوایەکی وەهادا، کە جیهان تووشی شەڕێکی گەورە بوو زۆر نەتەوە لە جیهاندا هەوڵی ئەوەیاندا لە ژێر چەپۆکی داگیرکەران دەربچن، لە ئێرانیش کە دەوڵەت دەسەڵاتی بەسەر وڵاتدا نەما بوو، نەتەوەکانی ئەو وڵاتە کەڵکیان لەو

## بەشی یازدەهەم

بارودۆخە وەرگرت و کەوتنە هەوڵدان بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان، بۆیە قازی محەمەد کە کەسایەتیەکی ناسراوی مهاباد بوو، لەساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ شاندێکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان کەڕۆژی ١٦ی ئابی ساڵی ١٩٤٢هەر لە مهاباد دامەزرابوو، وەک ئەوەی لەیەکەم ژمارەی گۆڤاری نیشتمان هاتووە "بە هەموو هێز و توانای خۆی تێکۆشاوە تا زنجیر و کەلەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستا کوردستانێکی گەورە و ڕێکوپێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تێیدا بژیت"، دەچنە "باکۆ" چاویان بە "جەعفەر باقرۆڤ" سەرۆک وەزیری کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت دەکەوێت و داوای پشتیوانیی و یارمەتیان لیدەکەن بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان.

دوای گەڕانەوەیان حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەمان پێکهاتەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دادەمەزرێت و یەکەم کۆنگرەی خۆی لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ دەبەستێت، لەڕۆژی ١٥ی کانوونییەکەمی ١٩٤٥دا لە هەوڵێکی هاوشێوەی حزبی دیموکراتی ئازەربایجان دا، مەهاباد لە چنگی هێزەکانی سوپای ئێران ڕزگار کرا و لەڕۆژی ٢٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦دا، واتە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی، کۆماری کوردستان لە مهاباد ڕاگەیەندرا.

ئامانجەکانی کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا و لەلایەن گەلەوە پێشوازیی لێکرا، سەرەکییترین خاڵەکان ئەمانە بوون: زمانی کوردیی بکرێتە زمانی راگەیاندن و خوێندن و ئیدارە، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا بۆ کوردستان بەمەبەستی چاودێری دەوڵەت و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، هەموو بەرپرسەکان لەخەڵکی ناوچەکە هەڵبژێردرێن، یەکێتی و برایەتی لەگەڵ خەڵکی ئازربایجان، یاسایەک هەبێت کە بەیەکچەشن مامەڵە لەگەڵ کرێکار و کەسایەتییە باڵاکان دا بکات.

**کۆماری کوردستان هیوایەکی لە دڵی گەلی کورد دروست کرد و بوو بە ئەزموونێکی مێژوویی، لەو ماوە کورتەدا، کە ١١ مانگ بوو، کورد توانی بە دامەزراندنی هەندێک دامودەزگا، چاپخانە، بڵاوکردنەوەی کتێب، گۆڤار و رۆژنامە و پەوەردە و خوێندنگا بە زمانی کوردی شوێنپێی خۆی لە مێژوودا بهێڵێت.**

ئەگەرچی تەمەنی کۆماری کوردستان کورت بوو و نەیتوانی وەکو پێویست ئامانجەکانی بپێکێت، بەڵام هەر لەو ماوەیە کورتەدا توانی پێکهاتەکانی شاری مهاباد و دەوروبەریشی بێنێتەلای یەک و یەکێتیەک لەناو کۆمەڵگای خۆی دروست بکات، هەروەها لەو ماوەیە توانی لە باشوری کوردستان کەسانێک بەشداری ئەو کۆمارە بکات و زۆر هەوڵیدا سنورەکانی بەرفراوان بکات، بەڵام هەلومەرجی ئەو دەمە ئەو دەرفەتەی پێنەدا و سەرەڕای هەوڵەکانی بۆ بەشداریپێکردن و پەیوەستبوونی خێڵەکانی دیکەی کورد لەناو کۆمار، نەیتوانی سنوورەکانی لە دەرەوەی موکریان و دەوروبەری مهاباد بەرفراوان بکات، هەربۆیە زۆرجار بە "کۆماری مهاباد" ناو دەبرێت.



سەرچاوە Serchawe

## بەشی یازدەهەم

کۆماری کوردستان هیوایەکی لە دڵی گەلی کورد دروست کرد و بوو بە ئەزموونێکی مێژوویی، لەو ماوە کورتەدا، کە ١١ مانگ بوو، کورد توانی بە دامەزراندنی هەندێک دامودەزگا، چاپخانە، بڵاوکردنەوەی کتێب، گۆڤار و ڕۆژنامە و پەروەردە و خوێندنگا بە زمانی کوردی شوێنپێی خۆی لە مێژوودا بهێڵێت.

خاڵی بەهێزی کۆمار بەشدارپێکردنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای خۆی و دامەزراندنی خۆبەڕێوەبەرییەکی دیموکرات و پێداگری لەسەر مافەکانی گەلەکەی بوو، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەوەی پشتی بە هێزی دەرەکیی و یارمەتییە ماددیەکانی بەستبوو، بە چوونەدەرەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لەدوای ڕێککەوتنیان لەگەڵ بەریتانیا و حکومەتی ئێران، نەیتوانی خۆی بپارێزێت.

لە١٧ی کانوونی یەکەمی١٩٤٦، شاری مهابادی وەک پایتەختی کۆمار لەلایەن سوپای پاشایەتی ئێرانەوە داگیر کرا و پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێکانی، لە بەرەبەیانی ٣١ی ئازاری١٩٤٧ لە گۆڕەپانی"چوارچرا"ی شاری مهاباد، ئەو گۆڕەپانەی کۆماری تێدا ڕاگەیەندرا، لەسێدارە دران.

**پرۆفسور د.هیوا عەزیز، ماموستای بەشی مێژوو لە زانکۆی سلێمانی،**



لەسەر ئەزموونەکانی کۆماری کوردستان بۆ ڕۆژنیوز ئاماژە بەوە دەکات کە، دەکرێت ئەو کۆمارە وەکو یەکێک لە ئەزموونە گرنگەکانی گەلی کورد سەیر بکرێت، لەبەر ئەوەی کیانێکی کوردی بەدەستی کورد خۆی دروست بوو، گرنگییەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کۆمارە بە پێچەوانەی ئەزموونەکانی پێش خۆی بەدەستی حزبێک دامەزرا، کە سوودی لە هەلومەرجی ناوچەکە وەرگرت.

**بەشی یازدەهەم**

**د. هیوا، باسی لەوەش کرد،** کۆماری کوردستان لە ماوەی ١١ مانگی تەمەنی خۆیدا هەندێک کاری گرنگی کردووە کە هەرێمی کوردستان لەماوەی ٢٧ ساڵی تەمەنی خۆیدا نەیتوانیوە بیکات، "بۆ نموونە ئەم کۆمارە گەشەی بە هۆشیاری سیاسیی و عەقڵی مەدەنیی داوە، لەسەر بازاڕ و گەشەدان بە ئابووریی کاری گرنگی کردووە، دامەزراندنی شارەوانی و پاک و خاوێنی شار، لە بواری زمان و ئەدەبیاتەوە کاری زۆر کراوە، لەسەر خوێندنی ژنان و منداڵان کاریان کردووە".

**د. هیوا سەعید لەسەر لایەنە نەرێنییەکان کۆماری کوردستان دەڵێت:** عەقڵی خێڵەکیی و خێڵەکیی بوون گورزێکی کوشندەی لەو کۆمارەدا و کۆمەڵێک لە عەشیرەتەکان دژی وەستانەوە و بوونە داردەست بۆ نەیارەکانی، هەروەها تێنگەیشتن لە سیاسەتی نێودەوڵەتیی، بە تایبەت تێنەگەیشتن لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و بەریتانیا و سۆڤیەت، کێشەیەکی دیکە قەتس مانەوەی ئەو کۆمارە بوو، کە نەیتوانیبوو لە سنوری مهاباد و دەوروبەری بپەڕێتەوە و بەرەوە بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕوات، کە ئەگەر وا بوایە لەناوبردنی بەو ئاسانییە نەبوو.

## ئەزمونەکانی کۆماری مهاباد بۆ ئێستا چیە؟

**د. هیوا سەعید، لەسەر ئەزموونەکانی کۆماری کوردستان بۆ ئێستا دەڵێت:** پێویستە ئێمە بە کەڵک وەرگرتن لەو ئەزمونە، ئەزمونێکی حوکمداریی کوردیی دروست بکەین، لە کۆماری مهاباد گرنگییەکی زۆر بە کۆمەڵگا دراوە و هەوڵیان داوە گرفتەکانی کۆمەڵگای کوردی چارەسەر بکەن، پێویستە کورد بە کەڵک وەرگرتن لە ئەو ئەزموونە خوێندنەوەی بۆ گۆڕانکاری و سیاسەتە نێودەوڵەتیەکان هەبێت، بۆ نموونە لە ئێستاشدا حکومەتی هەرێم لە سیاسەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکە تێنەگەیشتووە بۆیە زیانێکی زۆرمان پێگەیشتووە و دبلۆماسیەتمان زۆر لاوازە.

**د. هیوا سەعید، لەسەر ئەزموونەکانی کۆماری کوردستان بۆ ئێستا دەڵێت:** پێویستە ئێمە بە کەڵک وەرگرتن لەو ئەزمونە، ئەزمونێکی حوکمداریی کوردیی دروست بکەین، لە کۆماری مهاباد گرنگییەکی زۆر بە کۆمەڵگا دراوە و هەوڵیان داوە گرفتەکانی کۆمەڵگای کوردی چارەسەر بکەن، پێویستە کورد بە کەڵک وەرگرتن لە ئەو ئەزموونە خوێندنەوەی بۆ گۆڕانکاری و سیاسەتە نێودەوڵەتیەکان هەبێت، بۆ نموونە لە ئێستاشدا حکومەتی هەرێم لە سیاسەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکە تێنەگەیشتووە بۆیە زیانێکی زۆرمان پێگەیشتووە و دبلۆماسیەتمان زۆر لاوازە.

**لە وەڵامی ئەو پرسیارە، کە کورد چۆن دەتوانێت ئەو دۆخەی، کە ئێستا لە ناوچەکەدا هەیە بە قازانجی خۆی بشکێنێتەوە؟ د. هیوا دەڵێت:** پێویستە کورد گەرەنتیەکی نووسراوی نێودەوڵەتیی وەربگرێت، تا وەکو پێشوو گەمەی پێنەکرێت، هێزە ڕۆژئاواییەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان شەڕ دەکەن و ئەوەندە لەگەڵ ئێمە دەمێنن و دەمانپارێزن کە



سەرچاوە
Serchawe

بەرژەوەنــدیەکانیان نەکەوێــتە مەترســییەوە، بــۆیە پێویســتە کــوردیش ئەو سیاســەتە بگــرێتەبەر کە تــا ئەو کــاتەی بەرژەوەندیەکانی دەپارێزرێن لەگەڵ ئەواندا بمێنێت، نەک ببێتە قوچی قوربانی سیاسەتەکانی ئەوان و پێویستە کورد وەک وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراو، لەو وەهمە بێتە دەرەو کە دەتوانێت شەریکێک بێت بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا.

**له کۆتایی قسەکانیدا پەیوەندیدار بە ئەزموونەکانی کۆماری کوردستان د. هیوا سەعید ماموستای زانکۆ دەڵێت:** کێشەی کور لە ئێستادا نەبوونی یەکێتییە لەناو هێزە سیاسیەکاندا، ئەگەر کورد بتوانن بگەن بە یەکێتی و ڕێککەوتنێک لەسەر خاڵە گرنگ و ستراتیژییەکان، دەتوانن ڕێگە بگرن لە دووبارە بوونەوەی ئەو ئەزمونە تاڵانەی پێشوو کە لە نەبوونی یەکێتی و نەپاراستنی بەرژەوەندیە گشتیەکانی تووشی بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دیپلۆماتیک مەگەزین - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٩

# ڕۆڵی فاکتی دەرەکی لە پێکهێنانی کۆماری کوردستان و دەرسەکانی بۆ ئەمڕۆی کورد



تیشک خستنە سەر دەوروونەخشی فاکتی دەرەکی لە پێکهاتنی کۆماری کوردستان

ئەردەڵان فەرەجی

بە لەبەرچاوگرتنی تەوەری باسەکەم و بۆ پێشگیری لە هەر چەشنە ناڕوونی مەغلەتەیەک ئاماژە بە چەند خاڵ لە سەرەتادا بە پێویست دەزانم:

هەر لە شەڕی چاڵدێرانەوە لە مابەینی دوو ئیمپراتۆری عوسمانلی تورکی سونی و سەفەوی شیعەی ئێرانی و تا دواتر لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و دابەش بوونی ئیمپراتۆری عوسمانی و دامەزراندنی دوو دەوڵەت و وڵاتی نوێ بە ناوەکانی عێراق و سوریا کە بە پێچەوانەی ڕێکەوتننامەی "سیڤەر" کە "برایم پاشا" بە نوێنەرایەتی گەلی کورد لەو دانیشتنەدا بوو- بڕیار درا کە کورد خاوەنی کیانی سیاسی سەربەخۆی خۆی بێت و مۆڵەت درا بە برایم پاشا بچێت و سنووری وڵاتەکەی دیاری بکات، بەڵام لە ڕێکەوتننامەی "لۆزان" پشت لە هەموو ئەو بەڵێنانە کرا کە بە کورد درابوو بۆ خاوەندارییەتی وڵات و کیانێکی سەربەخۆی خۆی، خەڵکی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی ئەو مافە زەوتکراوەی خۆی دەستی داوەتە خەبات و شێخ سەعیدی پیران (شەمزینان) ڕچەشکێنی ئەو خەباتە بوو.

بە لە بەرچاوگرتنی پێکهاتەی کولتوری و بافتی کۆمەڵگای ئەو سەردەمی کوردستان زۆربەی خەبات و چالاکییەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد، جەماوەر زۆرتر لە دەوری سەرۆک عەشیرەتەکان، شێخ و مەلاکان کۆ دەبوونەوە، بەڵام بە دوای هاتنە ئارای مۆدێرنیزاسیۆن لە ئورووپا و گەیشتی شەپۆلی. مۆدێرنیزم بۆ کوردستان و یەکێک لە دیاردە و



سەرچاوە
Serchawe

دیارییەکانی پارتایەتی و حیزبایەتی بوو، گەلی کوردیش لەم فۆرمە بۆ خەبات و کار و چالاکی سیاسی خۆی کەڵکی وەرگرت. دروست بوونی یەکەم حیزبەکان و لەوانە «خۆیی بوون» کە لە لوبنان دامەزرا و ئاراستەکەی ڕووەو کوردستانی باکوور بوو، «حیزبی هیوا» لە باشووری کوردستان و «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کۆمەڵەی ژ. ک)» لە کوردستانی ڕۆژهەڵات نموونەی کەڵک وەرگرتنی گەلی کورد بوو لەو دیاردەیەی سەردەمی مۆدێرنیتە.

مەبەستمە بڵێم ئەگەرچی تەوەرەی بابەتەکەم دەربارەی ڕۆڵی توخمی دەرەکی و هێزی دەرەکییە لە هاتنە ئارای کۆماری کوردستان، ئەم هەڵێنجانەی لێنەکرێ کە گۆیا کۆی ئەزموونی کۆماری کوردستان ببەستمەوە بەم توخمە، بەڵکوو دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەگەرچی بزووتنەوەیەک سەرەڕای هەموو بەحەقی و ڕەوابوونەکەشی، بە بێ کامڵ بوونی هەموو فاکتەرە کارتێکەرەکانی ناتوانێ بگا بەئەنجام و پێویستی بەسەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەک هاوتەریبی هەموو فاکتە کارتێکەرەکانی ناوخۆیی و دەرەکییە.

لە شەڕی دووهەمی جیهانی کاتێکی کە ئاڵمانی نازی هاوینی ساڵی هێرشی بردە سەر سۆڤییەتی ئەو سەردەم، بریتانیا و ئەمریکا بۆ یارمەتی دانی سۆڤییەت بیریان لە ئێران کردەوە. ئێرانێک کە لە سەردەمی ڕەزاشادا، هیتلەر ڕێبەری ئاڵمانی نازی کۆمەڵێک موستەشاری بۆ ئێران ڕەوانە کردبوو و بیری نەژادی سەرتریان بڵاو دەکردەوە و نازییەکان خۆیان بە نەژادی ئاری دەزانی و ڕەزاشاش خۆی و خەڵکی ئێرانی ئارییایی دەزانی و لە لایەکی دیکەوە بۆ دەستخستنی زانست و تێکنۆلۆژی شەڕ ببوو بە دۆستی ئاڵمانی نازی. وای کرد کە بریتانیا و ئەمریکا لە باشوورەوە ئێران داگیر بکەن و لە باکووریشەوە ڕووسییە بێتە خاکی ئێرانەوە.

سەرەنجام "ڕەزاشا" ناچار بە دەست لە کارکێشانەوە کرا (١٦ - ٥ - ١٩٤١) و ڕۆژێک دواتر "حەمەڕەزا"ی کوڕی لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا بوو بە شای ئێران. ئەفسەران و دەرەجەدارەکانی ئێران لە ترسی گیانیان ڕایان دەکرد و خۆیان دەشاردەوە و سەربازەکانی ئێرانیش ئاسان تەسلیم دەبوون و خۆیان دەدا بە دەستەوە. خۆبەدەستەوە دانی سەربازانی ئێران بووە هۆی دەست پێڕاگەیشتنی خەڵک و جەماوەر بە چەق و تەقەمەنییەکی زۆر و لاوازی دەسەڵات و حکومەتی ناوەندی وەک هەر سیستم و نیزامێکی دیکتاتۆری کرانەوەیەکی بە خەڵک بۆ هەناسەدان هێنا ئاراوە. ئەنجامەکەی بووە هۆی دامەزراندنی چەند حیزبێک لە سەرتاسەری ئێران و لەوانە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" لە مهاباد.

نابێ بیرمان بچێت هاتنی ٤٠٠٠ موستەشارە ئاڵمانییەکان بۆ ئێران کە نزیک بە ٣٠٠٠ کەسیان لە ناوچەکانی ئازەربایجان و کوردستان جێگیر بوون ڕۆڵێکی گەورەیان لە بڵاوکردنەوەی وشیاری نەتەوەیی لە بەرامبەر چینایەتی و ئایین لە نێو

گەلانی ژێر دەستەی ئێران و بە تایبەتی تورک و کورد بوو.

دەست پێڕاگەیشتنی خەڵک بە چەق و تەقەمەنی و کورت بوونەوەی نفووز و هێزی دەوڵەتی ناوەندی لە ناوچەکانی کوردستان، هەر لە بانە و مهاباد و سەردەشت و مەریوان، ئەزموونێکی حوکمڕانی بە کوردەکانی ئێران بەخشی.

ساڵی ١٩٤٣ لە کۆنگرەی "تاران" بە بەشدای سەرۆکی سێ وڵات؛ "نستۆن چێرچیل" سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، "جۆزێف ستالین" سەرۆکی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤییەت و "فرانکلین روزوێڵت" سەرۆک کۆماری ئەمریکا بڕیاریان دا شەش مانگ پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم ئێران جێ بێڵن.

جەنگی جیهانی دووەم بە شکانی بەرلین و کوژرانی هیتلەر (٨ی مارسی ١٩٤٥) لایەک و تەسلیم بوونی ژاپۆن لە بەرەی ئاسیای ئەو شەڕە، پاش ڕووداوەکانی "هیرۆشیما" و "ناکازاکی" جەنگ کۆتایی هات.

بە پێی کۆنگرەی "تاران" یەکەم جار ئەمریکا و دواتر بریتانیا لە ئێران کشانەوە، بەڵام ڕووسییە بەڵێنەکەی خۆی نەبردە سەر و هێزەکانی خۆی لە ئێران نەکشاندەوە. و ئەمریکا و هەر دوو لا لە دوو ڕاگەیاندراوی جیاجیادا ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر بەو بڕیارەی شۆڕەوی دەربڕی. لە لایەکی دیکەوە زەختیان لە شای ئێران کرد و ئەویان ناچار کرد کە دژ بە مانەوەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤییەت لە باکووری ئێران لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان سکاڵا تۆمار بکات.

مانەوەی هێزی سوور لە باکووری ئێران و نەبوونی دەسەڵاتی ناوەندی لە کوردستان و ئازەربایجان بۆشاییەکی سیاسی دروست کرد. ناوچەکانی کوردستان دەسەڵاتی خۆجێی خۆیان لە شارو دەڤەرە جیاجیاکان پێک هێنابوو. پاش هێرشی عرووس بۆ بانە و جێ هێشتنی چەک و تەقەمەنییەکی زۆر هەندێک لە کەسایەتییەکانی کورد و لە سەروو هەموویانەوە "حەمە ڕەشیدخانی بانە" توانی ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ بکات و دەسەڵاتەکەی تا ساڵی ١٩٤٤ درێژەی بێت، بەڵام دواتر لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە سەرکوت کرا، لە بەرامبەردا بە هۆی دووری شاری "مەهاباد" لە بەر دەستی هێزی دەسەڵاتی ناوەندی، دەسەڵاتی ناوچەیی لەوێ درێژەی کێشا.

تورکەکان لە سۆڤییەت نزیک بوون و دواجار بە پشتیوانی شۆڕەوی کۆماری ئازەربایجانیان ڕاگەیاند. جەنابی «قازی محەمەد " کە ئەندامی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بوو و بەرەبەرە دەبوو بە کەسایەتییەکی بەرجەستەی ئەو سەردەمی کوردستان لە هەوڵی بە یاسایی کردنی دەسەڵاتی خۆجێی ئەو کاتی ناوچەی مەهاباد و باقی ناوچەکانی دەورووبەری دا

بوو. لە ڕێگەی تورکەکانەوە خۆی لە ڕووسەکان نزیک کردەوە و داوای پشتگیری ڕووسەکانی کرد بۆ کۆمارێکی هاوشێوەی کۆماری ئازەربایجان بۆ کوردستان. هەڵبەت جێی ئاماژەیە کە ساڵی ١٩٤٤ دا سەرکردایەتی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد کۆبوونەوەیەک دەکات و ڕاگەیاندنێک بڵاو دەکاتەوە و لە خاڵی یەکەمدا دەڵێت: "دوای کۆتایی شەڕ دەوڵەتی کوردستان ئیعلان دەکەین".

بەڵام بە پێشنیاری کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤییەت کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد یان هەڵدەوەشێتەوە و حیزبێکی نوێ بە ناوی "حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران" دادەمەزرێت. ڕووسەکانی ئەو پێشنیارەی پێشەوا قازی محەمەد بۆ پشتیوانی لێیان بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان قبوڵ دەکەن؛ لە بەر ئەوەی کە یەکەم؛ دەیانهەوێت لە ئاستی نێونەتەوەیی پیشانی بدەن کە سۆڤییەت پشتیوانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان و سۆزی باقی نەتەوەکانی ژێر دەستەی دیکەی جیهانیش بەرەو لای خۆی ڕاکێشێت، دووەم؛ بۆ پاراستنی کۆماری ئازەربایجان کە لە باشوورەوە پارێزراو بێت و سێیەم؛ بۆ دژایەتی کردنی حکوومەتی تاران بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی خواست و داواکارییەکانی خۆی بکات و سەرەنجام چوارەم؛ بۆ دژایەتی کردنی ئۆردووگای بورژوازی ڕۆژئاوا.

جێی ئاماژەیە کە ستراتێژیستێکی بریتانی بە ناوی «هاڵفۆرد جان مەکیندێر(١٨٦١ - ١٩٤٧) "لە کتێبی "ژینگەی جوگرافیای تاریخ" بە لێکدانەوەی دۆخی ژیئۆپۆلۆتیکی جیهان تیۆرییەک دەخاتە ڕو. مەکیندر لە ساڵی ١٩٠٤ تیۆری "دڵی زەوی" یان "قلب العالم" دێنێتە گۆڕێ. تیۆری مەکیندر باس لەوە دەکات کە فیکر و ئیدئۆلۆژیکێک لە دڵی زەوی (مەبەست ڕووسییەیە کە گەورەترین پانتایی زەویی هەیە) سەر هەڵدەدات کە دەخوازێت هەموو جیهان داگیر بکات، مەکیندر لەبەرامبە ئەوە دا پێشنیاری کێشانی دیوارو بەربەست دەکات بۆ ئەوەی پێشی تەشەنەسەندنی ئەو بیرۆکە و ئیدئۆلۆژیکە بگرن بەرەو ئۆرووپا و ڕۆژئاوا. دیواری مەلمووس و هەست پێکراو دیواری بێرلینە کە دوو ئاڵمانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات لێک جوێ دەکاتەوە، دیوارەکەی تر کە نەبینراوە دیواری ناتۆیە! "پەیمانی ئەتلەنتیکی باکوور" کە بۆ دژایەتی یەکێتی سۆڤییەت لە نێوان وڵاتانی سەر بە جەمسەری ڕۆژئاوا دامەزرا و پۆشتە و پەرداخ کرا.

دیارە سۆڤییەتیش لە هەوڵی بەرپەرچ دانەوەی ئەو هەوڵانە بوو هەر لە دروست کردنی پەیمانی "وەرشۆ" و پشتیوانی کردنی گەلانی ناوچەکە و کردنییان بە هاوپەیمانی خۆی بۆ بەکار هێنانی وەک سەنگەری خۆی.

سەرکردایەتی سیاسی ئەو کاتی کورد بە دروستی لەو ململانێ نێونەتەوەییانە تێگەیشبوو و دەیخواست کە کورد ببێت بە کارتێک لەو یارییە جیهانییەدا. ڕەنگە لەو بارەوە هەڵەشی هەبوو بێت، بەڵات تێگەیشتن لەو ململانییە گەورە جیهانییە و

## بەشی یازدەهەم

**هەوڵدان بۆ قۆستنەوەی ئەو هەلە ژێری سەرکردایەتی ئەو سەردەمی کوردە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.**

خاڵێکی دیکەی تایبەت بە بزووتنەوەی کورد کە نابێ فەرامۆش بکرێت ئەوەیە کە بزووتنەوەی کورد لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان کە خۆی ئەو پارچەپارچە کردنە "دوژمنکردە" و ئەمەش خۆی کۆمەڵێک کاریگەری "مێژووکردی" لە سەر بزووتنەوەی هەر کام لەو پارچانە و دواکارییەکانی داناوە. بافت و تایبەتمەندی بزووتنەوەی کورد لە هەر کام لە پارچەکان، بزووتنەوەیەکی داواکارانەیە، چونکا کورد لەو وڵاتانەی کە پێوەی لکێنراوە کەمینەیە و هەڵکشان و داکشانی داواکاری و ئاستی بەرەوپێشچووی بزووتنەوەکەی لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ بەهێزی و کەم هێزی دەسەڵاتی ناوەندی ئەو وڵاتەی کە پێوەی لکێنراوە، واتە هەر کات دەسەڵات لە ناوەند بەهێز بووبێت و توانی سەرکوتی زۆرتر بوو بێت، بزووتنەوەی کورد لەو پارچەیە لە پاشەکشە دابووە، بەڵام بە پێچەوانە هەر کات ئاراستەی ڕووداوەکان بەرەو لاوازی حکومەتی ناوەندی و کەم بوونەوەی هێزی سەرکوت بوو بێت، ئەوا کورد و بزووتنەوەکەی لەو پارچەیە ڕوو لە هەڵکشان و گەشانەوەدا بووە. نموونەش لەو بارانەوە زۆرن، لاواز بوونی دەسەڵاتی ناوەندی لە ساڵی ١٩٩١ کە ئەو کاتەی سەدام حسێن هێرشی کردە سەر کوویەت، بەڵام لە بەرامبەردا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هێرشیان کردە سەر عێراق، دەسەڵاتی ناوەند لە عێراق لاواز بوو و گەلی کورد لە کوردستانی باشوور دەرفەت و توانای ئەوەی بۆ هەڵکەوت ڕاپەڕێ و ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ گەلی کورد لە کوردستانی عێراق لە ئەنجامی لاوازی دەسەڵاتی ناوەند بوو، تەنانەت پێشڕەوی و پاشڕەوییەکانی ئەم دواییانەی کورد لە باشور هەر بەو هۆیە بوو. کاتێک دەسەڵاتی ناوەندی عێراقیش لە ماوەی ئەم ١٥، ٢٠ ساڵەی ڕابردوو لاواز و بێ هێز بووە کورد بەرەوپێش چووە و ئەگەریش نا وەک ١٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ و پاش ریفراندۆم هێرشیان کردە سەر کورد و دەسکەوتەکانی! هەر ئێستای دۆخی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژئاواش لە ئەنجامی ئەم ڕاستییەدا و ئەگەر دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لاواز نەبووبایە کورد نەیدەتوانی تا ئەم ڕادەیە پەرە بە خواست و داواکاری و بزووتنەوەکەی بدات. بە دڵنیاییەوە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باکووریش هەر وایە و هەر واش دەبێت.

ئەو سەردەمیش سەرکردایەتی سیاسی کورد لەو بۆشاییەی دەسەڵاتی ناوەندی لە ناوچەی موکریان هاتبوویە ئاراوە، کە ئەویش ئەنجامی لاواز بوونی دەسەڵات و هێزی دەوڵەت و حکوومەتی ناوەندی تاران بوو، هەنگاوێک یا خود ئاستێک بەرزتر داواکارییەکانی خۆی هێنایە گۆڕێ، بێگومان ئەگەر ئەم فاکتەرە نەبووایە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەو ئاستەدا نەبوو کە بچێتە پای پرۆژەیەکی گەورە و مێژووی وەک کۆماری کوردستانەوە و کۆماری کوردستان ڕابگەیەنێت.

بێ گومان تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی گەلی کورد لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان هەر وەک ئاماژەی پێدرا داواکارانەیە و لە لایەکی دیکەوە بەندە بە ڕێژەی سەرکوتگەری و بەهێزی دەسەڵاتی ناوەندی لەو پارچانەی کە بەجیا بە



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی یازدەهەم

هەر کام لەو وڵاتانەیەوە نووساوە و بێ گومان تێگەیشتن لە ئاراستەی ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە دەبنە بنەمای دۆستایەتی و هاوپەیمانی وڵاتانی جیهانی و بە تایبەتی زلهێزەکان بەرامبەر بە دەوڵەتی ناوەندی وڵاتانی تورکیا، عێراق و ئێران و سوریا.

واتە هێزی دەرەکی بۆ هاوتەریبی خواست و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان لە هەر کام لە پارچەکان و نزیکایەتی سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوەیە لەگەڵ وڵاتانی نەیاری دەوڵەتی ناوەندی.

لە سەردەمی کۆماری کوردستان و بە ئاماژە بەو دۆخەی ئەو سەردەم ڕووسیەی کۆمۆنیست کاتێک کە دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران لاواز بوو، بەئامانج و ئەجێندای خۆیەوە پشتیوانی لە بزووتنەوەی گەلی کورد کرد و وای کرد کە قازی محەمەد ۲ی ڕێبەندان دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕابگەیێنێ.

بەو مانایە کە ئەگەر پشتیوانی دەرەکی بۆ پرسی داواکاری و بزووتنەوەی کورد نەبووایە ڕەنگە هەرگیز کورد نەیتوانیبایە ئەو دەسکەوتانەی کە تا هەنووکە هەیەتی، وەدەستی بێنێت.

دەرسەکانی کۆماری کوردستان لەو دوو ڕەهەندەوە (لاواز بوونی دەسەڵاتی ناوەندی و پشتیوانی دەرەکی) دوو وانەی گەورە و گرنگن کە نەک بۆ ئێمە چالاکان و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات، بەڵکوو بۆ هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانیش جێی ئەزموون و شت لێ فێربوونە.

نەیاری دوژمنم دۆستمە! دەتوانێ ڕاستییەکی بۆ گەلی ئێمە تێدا بێت. کورد دەبێ و دەتوانێ لەو حەقیقەتە دەرس وەربگرێت و بتوانێت لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی بزووتنەوەکەی کەڵکی لێ وەربگرێت. ئەوە ڕاستە کە ڕووسیای ئەو سەردەم بە ئەجێندا و پلان و بەرنامەی خۆیەوە پشتیوانی لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان کرد، بەڵام بۆ کورد دەرفەتێک ڕەخسا کە تەعبیر لە خواست و ئیرادەی خۆی بکات و ئەمە دەسکەوتێکی گەورە بۆ کورد بە گشتی لە هەرچوار پارچە و بوو بە مایەی ئیلهامی خەباتکارانە بۆ هەمووان بە تایبەتی بۆ بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات.

لە ئێستاشدا کە گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات چەند هەنگاو لە یەکێتی و تەبایی و یەکڕیزی خۆی نزیک بۆتەوە و ئێمە ئەمڕۆکە خاوەنی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێرانین، جێی خۆیەتی ئەم فاکتەرە گرنگە لە هاوکێشە سیاسییەکانی بزووتنەوەکەمان ڕەچاو بکرێت و زۆرتر هەوڵ بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی ڕای گشتی جیهانی بدرێت، پێویستییەکانی چین دابینی بکەین و بە گرنگییەوە ئەم ڕاستییەمان لە بەرچاو بێت.



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی یازدەهەم**

**دەرسێکی دیکە و ڕەنگە گرنگتر لە هەموو دەرسەکانی دیکەی کە دەکرێت لە ئەزموونی کۆماری کوردستان فێری بین ئەوەیە کە پشتیوانی و یارمەتی دەرەکی ئەبەدی و هەمیشەیی نییە!**

ئەزموونی پشتیوانی و پشتگیری دەرەکی بۆ کۆمار کە دواجار وا بوو کە پاش ڕێکەوتنەکەی ئێران کە قوام ولسەڵتنە بە نوێنەرایەتی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی ئەو کاتی ڕووسیە لە سەر سپاردنی ئیمتیاز هەڵێنجانی نەوت و داهاتی ٥١٪ نەوت بۆ ڕووسیە ماوەی پەنجا ساڵ هێزەکانی لە باکووری ئێران دەکشێنێتەوە و بە کشانەوەی هێزی سوور لەو ناوچانە بوار بۆ گەڕانەوەی هێزەکانی دەسەڵاتی ناوەند خۆش دەبێت و بەداخەوە هەر دوو کۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان تێک دەشکێندرێن.

دیارە وەک ئەوەی بڵێی مێژوو دووپات دەبێتەوە، هەموو دەسکەوتەکانی کورد ئەگەر بە وریاییەوە بوار بۆ پاراستنییان خۆش نەکرێت، هەر دەم لە بەردەم هەڕەشەی لە ناوچوون دان. دەرسێک کە ڕەنگە ئەمڕۆژانە لە پاش بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا ڕەنگە چاوەڕوانی هێزەکانی کورد بکات لە سوریا یان خود ئەو ئەوەی بە جۆرێک لە جۆرەکان لە باشووری کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧دا دووپات بوویەوە.

کە واتە ئێمەی کورد و سەکردایەتی سیاسی کورد دەبێت وێڕای ناسین و بەخزمەتگرتنی فاکتەری دەرەکی بۆ پرسەکەی خۆی، دەبێ لە سەرەتاوە ئەو ڕۆژەمان لێ ڕوون بێت کە پشتیوانی دەرەکی و فاکتی دەرەکی لە پێوەندی پرسی کورد، کۆتایی دێت و دەبێ کورد هەر لە سەرەتاوە خۆی بۆ ئەو ڕۆژ و ڕۆژانە ئامادە بکات.

* ئەم وتارە لە سیمینارێکی تایبەت بۆ ڕێز لێنان لە ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد پێشکەش کرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆ ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٣ی فێبریوێری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# خیانەت لە کۆماری دیموکراتی کوردستان



**د. کەیوان ئازاد**

(کۆماری دیموکراتی کوردستان) یەکەمین سیستەمی کۆماریی دانپێدانراو بوو لە مێژووی کورددا، کە لە (٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ز) لە مەیدانی (چوارچرا)ی شاری (مەهاباد)ی ناوچەی موکریانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەن (پێشەوا قازی موحەممەد) ڕاگەیەندرا. ئەوەش لەکاتێکدا بوو، کە لە سەرتاسەری جیهان و تا ئەوکات تەنیا (٣٣) سیستەمی کۆماری هەبوون و کۆمارەکەی کوردستان بووە (٣٤)مین سیستەمی سیاسیی کۆماری لە جیهاندا.

دامەزراندنی (کۆماری دیموکراتی کوردستان) لە هەلومەرجێکدا دەرکەوت، کە تەنیا (چوار) مانگ بوو دووەم جەنگی جیهانی کۆتایی هاتبوو. یەکەمین سیستەمی سیاسییش بوو لە مێژووی کورددا، کە پارتێکی سیاسی ڕابەڕایەتی بکات، ئەویش (حزبی دیموکراتی کوردستان) بوو. ئەو پارتەی لە (١٦ی ئەیلوولی ١٩٤٥ز)دا لە شاری (مەهاباد) دامەزرا. دوای ڕاگەیاندنی کۆماریش لەلایەن (پێشەوا قازی موحەممەد) سەرکۆماری کوردستان، (حاجی بابەشێخ) بۆ پێکهێنانی کابینەی حکوومەت ڕاسپێردرا، ئەویش (چواردە) وەزیری دیار کرد و لە (١١ی شوباتی ١٩٤٦ز) لەبەردەم سەرۆک کۆمار سوێندی یاساییان خوارد. لە ڕووی پێکهاتەی سەربازییشەوە، (چوار) پلەی سەربازیی جەنەڕاڵی درایە (چوار) کەسایەتیی دیاری کوردستان لە کۆمار، ئەوانیش هەریەک لە (مستەفا بارزانی) فەرماندەی تەواوی هێزەکانی بارزانی و (حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی) وەزیری جەنگی کۆمار و (حەمەڕەشید خانی بانە) فەرماندەنی هێزەکانی بۆکان و دەوروبەر و (عەمرخانی شکاک) فەرماندەی هێزەکانی بەری باکووری کۆمار بوون. بەدوایدا خوێندن کرایە کوردی و خوێندنگای کوردی لە شارەکانی (مەهاباد و بۆکان) دامەزران و چەندین مامۆستا، وانەی زمان و ئەدەبی کوردییان فێری منداڵان و خوێندکارانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار کرد. هەروەها چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی مەدەنی دامەزران، کە دیارترینیان ڕێکخراوەکانی

(مامۆستایان، ئافرەتان، پیشەوەران، جووتیاران، زانایانی ئایینی، ..) بوون. ئەمەو چەندین خوێندکاریش بە مەبەستی فێربوونی زیاتر و پەرەدان بە خوێندنەکەیان، ڕەوانەی یەکێتیی سۆڤیەت و شاری (تەورێز) کران، تا لە دواجاردا بە خوێندن و ئەزموونەکانیان خزمەتی کۆمار بکەن. لەپاڵ هەموو ئەو کارانەشدا، بەرپرسانی کۆمار توانییان چاپخانەیەک بە بڕی (١٢٠ هەزار تمەن) لە حکوومەتی سۆڤیەت بکڕن و بەهۆیەوە چەندین بڵاوکراوە لە ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی دەربکەن. بەوەش (کۆماری دیموکراتی کوردستان) لە ماوەی (٣٣٠) ڕۆژی تەمەنیدا، وێنایەکی گەورەی بۆ نەتەوەی کورد تۆمار کرد.

پرسیاری سەرەکیی ئەم باسەش ئەوەیە، کە تا چەند خیانەت ڕۆڵی لە ڕووخاندنی ئەو کۆمارەدا بینی؟ ڕاستە هۆکاری دەرەکی ڕۆڵی گەورەی لە ڕووخانی کۆماردا بینی. ئەوەش دوای ئەوەی (یەکێتیی سۆڤیەت)، کە پشتیوانی سەرەکی و لەپشت دامەزراندنی کۆمارەوە بوو، پشتی تێکرد، بەڵام هۆکاری ناوخۆییش ڕۆڵیان کەم نەبوو. لەم نێوەندەشدا ڕووخانی کۆمار بۆ لاوازیی سەرۆک کۆمارەکەی نەگەڕایەوە, کە (پێشەوا قازی موحەممەد) بوو, بەڵکوو پێشەوا یەکێک بوو لە هەرە کەسایەتییە شیاوەکانی سەردەمەکەی بۆ سەرۆکایەتیکردنی کۆمار, بەڵام هەڵەیەک، کە سەرۆک کۆمار کردی, چوونی بوو بە پیر سوپای دەوڵەتی شاهنشاهیی ئێران لە شاری (میاندواو) و هێنانەوەی بۆ پایتەختی کۆمار لە (مەهاباد)! واتە سوپایەکی هێنایەوە پایتەختی کۆمار، کە لە (٦٠٠) سەرباز و (١٢) ڕەشاش و (٢) تۆپی دوورهاوێژ پێکهاتبوون، لەکاتێکدا خودی کۆمار تا ئەوکات خاوەنی (١٧٠٠٠) هێزی پێشمەرگەی ئامادە و چەکی سووک و چەند تۆپێکیش بوو. دیارە ئەو کارەی پێشەواش هۆکاری خۆی هەبوو، بەوەی نەیویست، ڕقی دەوڵەتی ناوەندی بەسەر شاری (مەهاباد)ی پایتەختدا ببارێت. هەروەها هەستی بەوە کردبوو، کە ململانێی هۆزایەتی و چینایەتیی نێو هۆز و توێژە جیاجیاکانی کۆمار، لەبەر بەرژەوەندیی تەسکی هۆزایەتی و خێڵەکی و چینایەتیی خۆیان, زۆریان بۆ کۆمار هێناوە، بۆیە نەیدەتوانی بەریان پێبگرێت. خۆ ئەگەر بەشێک لەو سەرۆک خێڵ و هۆز و تیرانەی کورد، کە لە سەردەمی کۆمار و تا نیوەی یەکەمی تەمەنی کۆمار پشتیوانی بوون، وازیان لە پێشەوا نەهێنابوایە و پشتیان لە کۆمار نەکردبایە، ئەستەم بوو ئەو دەسەڵاتە لەو کات و ساتەدا بڕووخێت. هۆکارەکەش ئەوە بوو، کە بەشێکی ئەوان بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دەوڵەتی ناوەندیی ئێرانەوە کرد، تا دەوڵەت لێیان خۆش ببێت و وەک هاووڵاتیی دڵسۆزی ئێرانی بیانناسێت. ئەوەش گەورەترین گورزی کوشندە بوو بەر کۆمار کەوت، چونکە بەو کارە، درز کەوتە نێو خێڵ و هۆز و تیرەکانی کورد و سەرانی کۆمارەوە.

ئەو ڕووداوانەش لەکاتێکدا بوو، کە لەنێو دەسەڵاتی کۆماردا، تەنیا (٥%)ی دانیشتوانەکەی خوێندەوار و (١٠%)ی شارنشین بوون, بۆیە خەبات و پاراستنی سیستەمێکی سیاسیی وەک (کۆمار) بە کۆمەڵگایەکی نەخوێندەوار و گوندنشین و خێڵەکی، کارێکی تەواو ئەستەم بوو. لێرەوە دەگەینە ئەوەی، کە پشتتێکردنی چەندین سەرۆک خێڵ و سەرۆک هۆزی کورد

